به ناوى خواى بەخشندەو ميهرەبان

هەرێمی کوردستانی عێـراق
سـەرۆکايەتی هەرێم
سـەرۆك

به ناوى گەلەوە
بڕيــار
ژمارە (١١) ساڵی ٢٠٠٧

## ياساى ماف و ئيمتيازاتى کەسوکارى شەهيد و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراقدا

بـە پێی ئـەو دەسـەڵاتەی لـە بـڕگـەی (١)ی ماددەی (١٠)ی (ياسـای سـەرۆکايەتی هـەرێمی کوردستان – عێراق)ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو ياساکارييەی ئەنجومەنی نيشتمانی کوردستان – عێراق کردويەتی بڕيارماندا بە دەرکردنی:

## ياساى ژمارە (٩)ى ساڵی ٢٠٠٧
## ياساى ماف و ئيمتيازاتى کەسوکارى شەهيد و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق دا

### بەشـی يەکـەم
### پێناسـەکان

**ماددەی يەکـەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەريانە بۆ مەبەستی ئەم ياسايە:

١) **هەرێم** : هەرێمی کوردستان – عێراق.
٢) **وەزارەت** : وەزارەتی کاروباری شەهيد و ئەنفالکراوەکان.
٣) **وەزيــر** : وەزيری کاروباری شەهيد و ئەنفالکراوەکان.
٤) **ئەنفالکراو** : هەر کەسێك ژيانی لە دەست دابێ يان زەرەری پێکەوتبێ يان تاکو ئێستا چارەنووسی لە ئەنجامی تاوانەکانی جينوسايد کردن دژ بە گەلی کوردستانناديار بێ.
٥) **شەهيد** : هەر کەسێك لە خەندەقی خەباتی چەکداريی يان لە تێکۆشانی سياسی بۆ بەرگريی کردن لە بزووتنەوەی رزگاريخوازيی کوردستان لە دژی رژێمە داپلۆسەرەکانی يەك لە دوای يەك ياخود لە ئەنجامی تاوانەکانی کۆمەڵکوژی ياخود کردەوەی جەنگی دوژمنکارانە لە دژی گەلی کوردستان ژيانی لە دەست دابی و بەپێی ئەم پێناسەی خوارەوە پۆلين دەکرێن:

ئـــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی کـــوردستان
www.mojkurdistan.com

أ) **شەهیدی خەباتگێر** : هەر كەسێكی لە خەندەقی خەباتی چەكداری یان خەباتی سیاسی یان لە ئەنجامیاندا لە دژی ڕژێمە یەك لە دوای یەكەكان بۆ بەرگری كردن لە بزوتنـەوەی ڕزگـاریخوازی كوردستان و ئەوەی لە دوای هاتووە ژیانی خۆی كردبێتە قوربانی.

ب) **قوربانیـانی جینوسـاید** : هـەر كەسـێكی شـەهید بـووبێ یـان ژیـانی لـە ئـەنجامی تاوانـەكانی (جینوساید) لە كاتی تاوانەكانی ئەنفال یان لەبەكارهێنانی چەكی كیمیاوی یان لە كـاتی لـەناو بردنی داپلۆسەرانەی بارزانییەكان و فەیلییەكان دا لە دەست دابێ.

ج) **شەهیدی هاوولاّتی** : هەر كەسێكی شەهید بووبێ یان لە ئەنجامی كرداری جـەنگی یـان كـاری تیرۆریی لە كاتی كۆڕەوە ملیۆنیەكەی گەلی كوردستان ژیانی لە دەست دابێ.

٦) **كەس و كاری قوربانیان و ئەنفالكراوەكان** : مێرد یـان ژنـەكان ، كـوڕ ، كـچ ، دایـك ، بـاوك ، بـرا ، خوشـك ، یاخـود ئەوانەی شەهید بە بڕیارێكی دادوەری بەخێوی دەكردن.

## بەشـی دووەم
## ئامـانـج و بـنـەماكـان

**ماددەی دووەم :**

ئامانجی ئەم یاسـایە دابـین كردنـی مـاف و ئیمتیـازی كـەس و كـاری شـەهید و ئەنفالكراوەكانـە لـە گـەڵ ڕێـزلێنـان و چاودێری كردن و پارمەتیدانیان بـە جـۆرێكی وا كـە لـە گـەڵ قـەبارەو پایـەی قوربانییـەكانی شەهیدان بگونجێ بۆ سوككردنی ئازاری كەس و كارەكانیان.

**ماددەی سێیـەم :**

ئەوانـەی دەكەونـە بـەر حوكمـەكانی مـاددەی یەكـەم لـەم یاسـایەدا، بـە بەڵگەنامـەی فـەرمی سـەلماندنیان دەچەسـپێ و لـە كاتێكـدا ئـەو بەڵگەنامانـە نـەبوون ئـەوا دەبـێ بـە ڕێگـەی یاسـایی دیكـە لەبـەردەم لیژنـەكان یـاخود دادگـاو لایـەنی تایبەتمەنـد بـسەلمێندرێن و پێـشكەش بـە بەڕێوەبەرایەتیـە گـشتیەكان لـە پارێزگاكـانی هـەرێم بكرێن.

**ماددەی چـوارەم :**

**یەكـەم :**

لیژنەیـەكی تایبـەت بـەپێی حوكمـەكانی ئـەم یاسـایە بـە سـەرۆكایەتی بەڕێوەبـەری گـشتی كاروبـاری كـارگێڕی و دارایـی و ئەندامیـەتی ژمارەیـەك لـە فەرمانبـەرانی وەزارەت كـە ژمارەیـان لـە (٤) ئەنـدام كـەمتر نـەبێ پێكـدێ بـۆ سـەیركردنی ئـەو ڕەخنـەو ئیعتیرازانـەی كـە لەلایـەن كـەس و كـاری شـەهید و ئەنفالكراوەكانـەوە و لەسـەر ئـەو بڕیارانەی كە لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەكانی پارێزگاكان دەرچوون.

**دووەم :**

لیژنەی تایبەت ئەم كارو ئەركانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

١) یەكلاكردنـەوەی ئـەو ئیعتیرازانـەی كـە لـە لایـەن كەسـوكاری شـەهید و ئەنفالكراوكانەوە پێشكەش كراون تاكو حوكمەكانی ئەم یاسایە بیانگرێتەوە.

ئــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كـــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٢) هەر کەسێك بەرژەوەندییەکی هەبێ، بۆی هەیە مەغدووریەتی خۆی بخاتە بەردەم لیژنەی تایبەتی سەبارەت بەو بڕیارەی کە دەری کردووە و لە ماوەی (٣٠) سی رۆژ لە رۆژی پێڕاگەیاندنی یان وا دادەنرێ کە پێی راگەیەنراوە و لە رووی کارگێریەوە بڕیاری لیژنەی بڕیارێکی کۆتاییە.
٣) لیژنە بڕیارەکەی بە زۆرینەی دەنگ دەردەچووێنێ و وەزیر پەسندی دەکات.
٤) هەر کەسێك بەرژوەندیەکی هەبێ دەتوانێ پەنا بباتە بەر دادگا بۆ سەلماندنی ئەوەی کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیگرێتەوە، دوای ئەوەی کە لیژنە بڕیاری بە رەفزی دەدات و ، دادگای بەرایی لایەنی تایبەتمەندە بۆ سەیرکردنی ئەو ناکۆکییانەی کە لە کاتی پیادەکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە روودەدەن و ئەوەی کە داوا کارییەکە پێشکەش دەکات لە پارەی ڕەسمی دادوەری دەبووردرێ.
٥) بڕیارەکانی دادگای باری کەسیەتی قابیلی تانەلێدانن لەبەردەم دادگای تەمییز لە ماوەی (٣٠) سی رۆژ لە رۆژی پێڕاگەیاندنی بڕیارەکە و بەئاگادارکراوە دادەنرێ.

## بەشی سێیەم
## پۆلین کردنی شەهیدان و دیاریکردنی مووچە بۆ کەس و کارەکانیان

**ماددەی پێنجــەم :**

**یەکــەم :**

کــەس و کــاری شــەهیدی خــەباتگێڕ و قوربانییــەکانی چــەکی کیمیــاوی و ئــەنفالکراوەکان و هــاوولاَتی مــاف و ئیمتیازەکــانی شــەهیدان دەکــەوێ بــە پێــی پێڕەوێــك کــە ئەنجومــەنی وەزیــران دەری دەچوێنێ.

**دووەم :**

ئەوانەی حوکمەکانی بڕگەی / یەکەم لە ماددەی شەشەم دەیانگرێتەوە ئەمامەن :

١) ژن و مێــرد.
٢) کــوڕ تاکو تەواوکردنی بیست و چوار ساڵ لە تەمەنی ئەگەر لە خوێندن بەردەوام نەبێت.
٣) کــچ : تاکو دامەزراندنی لە فرمانێك.
٤) رۆلە پەککەوتەکان : رۆلەی پەککەوتە لە مەرجەکانی سەرەوەی ئەم ماددەیە بەدەردەبن.
٥) دایـك و بـاوك.
٦) براکان و خوشکەکان : لەگەڵ رەچاوکردنی بڕگەکانی (٣،٢)ی سەرەوە.

**سێیــەم :**

بەشە مووچەی باوك و دایك و ژن و مێرد تا لە ژیاندا مابن بۆیان خەرج دەکرێت.

**چوارەم :**

لــە کــاتی بڕینــی مووچــەی موســتەحەقی ئــەو کەســانەی کــە حوکمــەکانی ئــەم یاســایە دەیانگرێتەوە، ئەوا بەشە مووچەی ئەوانە دەخرێتە سەر ئەوانەی دیکە کە موستەحەقن.

ئــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کــــوردستان
www.mojkurdistan.com

**پێنجـەم :**

ئیستحقاقی مووچە بۆ ئەو کوڕ و کچە دەبێ بە درێژایی ژیانیان ئەگەر هەر یەك لەوانە موستەحەقی تاقانە بن.

**شەشـەم :**

منداڵەکانی قوربانییانی جینوساید لە مەرجەکانی کە لە بڕگەکانی (٢،٣)ی سەرەوەدا هاتوون بەدەردەبن.

**ماددەی شەشەم :**

**یەکەم :** مافـی دارایی وەکو یەك بەسەر موستەحەقەکاندا دابەش دەکرێ.

**دووەم :** براو خوشك مووچەکانیان رادەگیری لە کاتێك کە موستەحەقی لە پێشتر هەبن.

## بەشی چـوارەم
## ماف و تـایبەتکاری کەسوکاری شەهیدان

**ماددەی حەوتەم :**

**یەکـەم :**

کەس و کاری شەهیدی خەباتگێڕ و شەهیدی جینوساید ئەم ماف و ئیمتیازانەی خوارەوەیان دەبێت :

١) خێزانـی شـەهیدی خـەباتگێڕ و ئـەنفالکراو یەکەیـەك یـا پارچـە زەویـەکی نیـشتەجێ بـوونی پـێ دەدرێـت.

٢) ئەگـەر شـەهید زیـاتر لـە هاوسـەرێکی هـەبوو، ئـەوا هەریـەك لەوانـە هـەمان مـاف و ئیمتیـازی بڕیار لەسەر دراوی یەك هاوسەری دەبێت بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

٣) لە کاتی شەهید بوونی زیاتر لە کەسێك لەناوخێزانێکدا، ئەوا مووچەکان بـە پێـی پێڕەوێکـی تایبـەتی دەبن کە ئەنجومەنی وەزیران دەری دەچوێنێت.

**دووەم :**

١) ڕۆڵــەکانی شــەهیدە ناوبراوەکــان لــە بڕگــەکانی (یەکــەم و دووەم) لــەم ماددەیــەدا مینحــەی هاوسەری گرتنیان پێ دەدرێت.

٢) حکومــەت خــەرجی خوێنــدنی ڕۆڵــەکانی شــەهید لــە قوتابخانــەو زانکــۆ ئەهلیــەکان لــە نــاو هەرێمـدا بـە پێـی هـەل و مـەرجی بڕیـار لەسـەر دراو لـە لایـەن وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵاو لێکۆڵینەوەی زانستی و پەروەردەوە دەگرێتە ئەستۆ.

٣) حکومەت ئەرك ومەسرەفی هێنانەوەی تەرمی شەهید لە دەرەوەی هەرێم دەکێشێ.

٤) جێماوی شەهید لە باجی تەریکەی بڕیار لەسەر دراوی تەریکەکان دەبووردرێ.

٥) ژمارەیـەك لـە کورسـی خوێنـدن بـۆ ڕۆڵـەکانی شـەهیدانی خـاوەن بـەهرەی زانـستی لـە دەرەوەی هــەرێم تــەرخان دەکـرێن و ئەمــەش بـە هاوئاهـەنگی دەبـێ لەگـەڵ وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵا و تۆژینەوەی زانستی هەرێم.

٦) کـەس وکـاری شـەهیدان لـە کرێـی پـشکینن و چارەسـەر کـردن لـە نەخۆشـخانەو مەلبەنـدە تەندروستیەکانی حکومەت لە ناو هەرێمدا دەبووردرێن.

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٧) حکومەت کرێی چارەسەرکردنی کەس وکاری شەهیدان بەراپورتێکی لیژنەی پزیشکی بـە پێـی یاسـاو پێرەو دەگرێتە ئەستو.

٨) وەزارەت سندوقێك دادەمەزرێنیٚ بە ناوی سندووقی یارمەتیدانی کەس وکـاری شـەهید و قوربانییـانی جینوساید تاکو پشگیرییان بکرێت ویاریدەیان بدرێت بۆ بنیاتنانی پرۆژەکان.

**ماددەی هەشتەم :**

وەزیر بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجیٚ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنیٚ.

**ماددەی نۆیەم :**

کار بە هێچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت گەر لە گەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**ماددەی دەیەم :**

دەبیٚ ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجیٚ بکەن.

**ماددەی یازدەم :**

ئـەم یاسـایە لـە رۆژی دەرچـوونیەوە کـاری پێـدەکریٚ ولـە رۆژنامـەی فـەرمی (وەقـایعی کوردسـتان) بـڵاو دەکرێتەوە.

**مەسـعود بــارزانی**
**سـەرۆکی هەرێمی کوردسـتان - عێـراق**

هەولێر
٢٧/ گوڵان / ٢٧٠٧ کوردی
١٧/ مایس / ٢٠٠٧ زایینی
٣٠/ ربیع الثانی / ١٤٢٨ کۆچی

**هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە**

هەرێمی کوردستان بە سەردەمێکی یەك جار سەختدا تێپەڕیوە کە مێژوو هاوتای نەدیوە، چـونکە رۆڵـەکانی هەرێم تووشی کوشـتن و برینێکـی زۆر بـوون بـە دەسـت رژێمـە یـەك لـەدوای یەکـەکان وبەچـەکی کیمیـایی و عەسکەری گوند ودیهاتەکانیان لە کاتی هەڵمەتەکانی ئەنفالە بەد ناوەکان ویران کراون و زۆربەی دانیشتووانی بوونەتە قوربانی ئەو پەلامارانە و زیانێکی زۆر بە خێزانی ئەو شەهیدانە گەیشتووە کە گەلێك گرفتـی سـەختی ئاویتەیان تووش بووە و لە پێنـاو بـە جـیٚ گەیانـدنی بەشـێکی بچوك وەك وەفادارییـەك بۆ ئەوانـەی خۆیـان کردوەتە قوربانی بۆ کوردستان و خۆیان بەختکردووە لە پێناوی پرنسیپە باڵاکانی مرۆڤایـەتی ، ئـەم یاسـایە دەرچوێنرا.

ئـــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com